# کامەران عومەر واز لە گۆرانی گوتن دەهێنێت؟

## گۆرانی کوردی ڕۆژبەڕۆژ لاواز تر دەبێت

● (کامەران عومەر ) ئەستێرەیەکی درەوشاوەی ناو هونەرو گۆرانی کوردییە لە خێزانێکی هونەردۆست و هونەر پەروەر هاتۆتە دونیاوە، کە چەندین هونەرمەندی بە توانای هێناوەتە گۆڕپانی گۆرانی و موزیکی کوردی و خزمەتێکی زۆریان پێشـــکەش بە هونەری کوردی کردووە، هونەرمەند کامەران عومەر ســـاڵانێکە توانیویەتی خزمەتێکی بەرچاو بەبـــواری هونەری گۆرانی کوردی بگەیەنێت، سەرەتای دەسپێکی کاری هونەریشی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ساڵانی حەفتاکان و سەرەتای ساڵانی هەشتاکان، ستایلی کارکردنی ستایلێکی تارادەیەکی باش ڕەسەن و تایبەت بەخۆی بووە، کامەران عمر لای عاشقانی دەنگی و کەسانی پســـپۆری بواری مۆســـیقاش بە مقـــام بێژێکی بەتوانا ناســـراوە دەمێك بوو بێدەنگی ئاســـمانی هونەری داپۆشیبوو، ئەوە بوو ماوەیەك بەر لەئێســـتا توانی ئەو بێدەنگییە بشـــكێنێت بە بەرهەمی (دیسان ئاهێك)کە ئەم بەرهەمە خۆی بۆ خۆی دەنگ دانەوەیەکی باشی هەبوو، هەروەهـــا ماوەیەك بەر لە ئێســـتا دەنگۆی ئەوەی بڵاوکرایەوە کە هونەرمەند کامـــەران عومەر بە نیازە بـــە یەکجاری واز لـــە گۆرانی گوتن بهێنێـــت، بۆیەش ئێمەش بۆ ئەوەی لەســـەر زاری خۆیەوە ئەم مەسەلەیە بزانین و لە راســـتی و نادروستی دڵنیا بین و ئەگەر راست بێت هۆکارەکان چین کەوا لـــە هونەرمەندێکی بەتوانا کـــە ماوەیەکی زۆرە بوونی خۆی ســـەلماندووە لـــە گۆڕەپانی هونەری کـــوردی و خاوەن بەهرەیەکـــی هونەری زۆرە و جەماوەرێکی زۆریـــش تامـــەزۆری گوێگرتـــن لـــە گۆرانییەکانی دەکـــەن و ئەو کاتەی کە دابڕابوو لە هونەر هەمیشە بەدوای ئەوەوە بوون بزانـــن کەی دەگەڕێتەوە، هەروەها بۆ ئەوەی باســـی لە دوایین بەرهەمی خۆی بکات کە دوای ئەوەی بێدەنگی چەندین ســـاڵەی شکاند، سەردانمان کـــرد و ئەم دیمانەیەمـــان لەگەڵی سازکرد.●

دیمانە:سۆران مارف کریم
Soranmarif@hotmail.com



**من زیاتر لە دە جار ڕووم کردۆتە وەزارەتی ڕۆشنبیری کەچی بەداخەوە بە نائومێدی هاتومەتە دەرەوە**

**پاش هەر دە ساڵێک تەنها یەک گۆرانی بڵێم دەتوانم بەو گۆرانییە دڵی جەماوەرەکەم ڕازی بکەم**

***تا چەند ئەم بەرهەمە نوێیەت پێشوازییەکی باشی لێکرا لەلایەن جەماوەر و هەوادارانی دەنگی هونەرمەند کامەران عومەر؟**

- دەتوانن پرسیار لە هەوادارانی گۆرانی و مۆسیقای کوردی بکەن دەتوانن بچن ناوەندەکانی بڵاوکردنەوەی کاری هونەری بدوێنن، ئەوان وەڵامی ئەوپرسیارەتان بدەنەوە حەز دەکەم من ئەوەتان پی بڵێم کە دوو جار دواین بەرهەمی من بە ناوی (دیسان ئاهێك) کۆپی کراوەتەوە بەشێوەی ئۆرجیناڵ لە وڵاتی تورکیا ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دواین کاری هونەری من زۆرترین فرۆشی هەبوو

***هەندێك کەس پێیان وابوو کەوا کامەران عمر ناتوانێ وەك جاران پەیامە هونەرییەکەی خۆی بگەیەنێت تۆ ووستت لەڕێگەی ئەم بەرهەمە چۆن وەڵامیان بدەیتەوە ؟**

-ئەوەی کە دەڵێن کامەران عومەر وەك جاران توانای نەماوە ئەوە بۆ خۆی دەڵێت من ئەگەر توانای مادیم هەبێت توانای ئەوەم هەیە هەموو ساڵێك بەبەرهەمی نوی دڵیان پاراو بکەم

***تاچەند توانیت لە ڕێگەی ئەم بەرهەمەوە سەد لەسەد پەیامە هونەرییەکەی خۆت بگەیەنیت ئایا پێت وایە دوای ئەو هەموو بێدەنگییە دواین بەرهەمی هونەریتان قەرەبووی چەند ساڵێك بی دەنگی تۆی کردۆتەوە ؟**

-من تەنها باڵم و خۆم بەتەنها خۆم کرد بە کامەران عومەر ئەگەر پاش هەر دە ساڵێك تەنها یەك گۆرانی بڵێم دەتوانم بەو گۆرانییە دڵی جەماوەرەکەم ڕازی بکەم هونەر بە زۆری و بۆری پێش ناکەوێت دەبێت هونەرمەند کاری کەم و پوخت پێشکەش بکات هونەرمەندمان هەیە تەنها شەش گۆرانی تۆمار کردووە بەڵام دەنگی هەتا هەتایە نەمرە.

***لایەنی پەیوەند دار تاچەند هاوکاری تۆبوون بۆ بەرهەمهێنانی ئەم سیدییەت؟**

-وازم لێبێنن من زیاتر لە دە جار ڕووم کردۆتە وەزارەتی ڕۆشنبیری کەچی بەداخەوە بە نائومێدی هاتومەتە دەرەوە تەنانەت لە کاتی سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا جەنابی وەزیری ڕۆشنبیری خۆی وەعدی هاوکاری کردنی پێدام، بەڵام بە داخەوە بە تایبەتی لە سلێمانییەوە چووم بۆ هەولێر بەمەبەستی چاوپێکەوتنی بەڕێزیان دەرفەتی پێنەدام چاوم پێی بکەوێت وە هەموو کارمەندەکانیش زۆریان پی ناخۆش بوو لە کاتێکدا وێنەشیان لەگەڵدا گرتم من لە دڵەوە گریانم دەهات کەجەنابی وەزیر نازانێ من (کامەران عومەر)م و چەند جەماوەرم هەیە لە هەر چوار پارچەی کوردستان بە هۆی بەشداریشم لە کۆنگرەی (١٩)ی پارتی دیموکراتی کوردستان تا ئێستا لە سلێمانی (١٩) مەتر زەویشم وەرنەگرتووە من ئەوە یەکەم جار نییە دڵم دەشکێت بڕوا بکەن ئەگەر خۆم هەڵبژێرم جەماوەرێکی زۆر لە قسەی کامەران عومەر دەرناچن و دەنگم دەدەنێ من یەکەم کەس بووم لەگەڵ هونەرمەند ( کاظم ساهر) لە شاری سلێمانی کۆنسێرتم ئەنجام داوە لە ساڵی (١٩٨٩) ئێستا ئەو لە کۆیی هونەردایەو من لە کوێی هونەردام، بەداخەوە جارێکی تر دەڵێم من (٣٨) ساڵە لەخزمەتی هونەری کوردیدا کار دەکەم کەچی جەنابی وەزیری ڕۆشنبیری نامناسی من هەستام ماڵو منداڵەکەم لەسلێمانی بە جێهێشت کەچی وەزیری ڕۆشنبیری دەرگای لێنەکردمەوە.














***بۆچی تەنها کلیپەکانت لەکەناڵی ئاسمانی کورد سات دەبینرێ تۆ پرۆژەی کلیپ کردنت لە بەردەستە بۆبەرهەمە نوێیەکانت ؟**

-لەڕاستیدا کەناڵی کوردســات هاوکارم بوون بۆ ئەنجام دانی کاری کلیــپ و کاری کلیپەکانیــش لەبەرهەمهێنانی خۆیــان بووە و من خۆشــم ناچم بۆ کەناڵێك داوای کلیپ بکەم ئەگەر خۆیان بانگێشتم نەکەن ئێستا حەز دەکەم ئەوە ڕابگەیەنم سەرقاڵی ئامادەکردنی چەند بەرهەمێکــی نوێم تۆماری بکەم لە هەمانکاتدا کاری کلیپیشــیان بۆئەنجــام دەدەم، بە هــاوکاری کەناڵی کوردســات و نیازم چەند گۆرانییەکی کۆنیش نوێ بکەمەوە هیوام وایە جەماوەرەکەم ئاســودە بکەم

***دەڵێن واز لە گۆرانی گوتن دەهێنی ئەمە ماوەیەك بەر لە ئێســتا لە میدیاکاندا بڵاو کرایەوە باشــە ئەگەر وایــە بزانین هۆکارەکانی وازهێنانی تۆ لەکاری هونەری چییە ؟**

-بەڵێ من ووتومە خوای گەورە هیدایەتم بدات بە ئاشــکرا لە گشت دەزگاکانی ڕاگەیاندن رایدەگەیەنم کە بەیەکجاری ماڵئاوایی لە هونەر و گۆرانــی گوتن دەکەم و ڕوو دەکەمــە خوێندنی قورئانی پیرۆز، چونکە ئەمە وەسیەتی باوکی خوالێخۆشبووم بووە هەمیشە دەیگوت قورئــان بخوێنە، چونکە ئەو بەهرەیەی تۆ هەتە بەهرەیەکی خواییە، منیش کاتێك ئەو بڕیارەم دا ئیدی بەیەکجاری واز لە گۆرانی دەهێنم و هەرگیز ناگەڕێمەوە ناو هونەری گۆرانی، ماڵئاوایی لەئاشــقانی دەنگــم دەکەم و خەڵکانێکی زۆریش هەن پشــتگیری من دەکەن بۆ ئەوەی ( قورئان ) بخوێنم ئێســتا چاوەڕێی تەواو کردنی ئەو چەند ماددەیەم دواتر بەیەکجــاری خواحافیزیتان لێدەکەم وە خوای گەورە لێبوردنی زۆرە .

***لە نــاو هونەرمەندان ململانێیەك هەیە کە بە ئاشــکرا هەســتی پێدەکرێت، تۆ چۆن دەڕوانیتە ئەو ململانێیە ؟**

-من بەشتێکی زۆر ئاسایی دەزانم، چونکە خەڵکی ئەمڕۆ بە ئاسانی دەتوانی کارە خراپەکان لە کارە باشەکان جیا بکاتەوە.

***باشە قەیرانی گۆرانی کوردی لەچیدا دەبینیتەوە ؟**

-بە داخــەوە ئەمڕۆ گۆرانی کوردی ڕۆژ بــەڕۆژ لاواز تر دەبێت، چونکــە هەرچی گۆرانی عەرەبی و تورکییە هاتن کردیان بەکوردی ســەرەڕای ئەمەش چوونپارەیەکی زۆریشــیان بۆ خەرج کرد، بەڵام لە هەمــان کاتدا خەڵکانیش هەن کەوا هونەری ڕەســەنی کوردییان خۆش دەوێت و کلتوریان لەیاد نەکردووە و هەمیشە بەردەوامن لەسەر پێشکەشــکردنی کاری هونەری جوان کە مۆرکی کوردی پێوە بێت و مرۆڤ هەست بەبوونی ڕەسەنایەتی لە بەرهەمەکانیاندا بکات، بەڵام ئەوانیش بە پەنجەکانی دەست ناژمێردرێن .

***ستایلی کارکردنی ئێوە لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ ستانداره، پێت وانییە ئەمڕۆ خەڵکی پێویست بە شــێوازێکی نوێ هەیە و ئەو ستایلەی ئێوەیان لە یاد کردووە تۆ وەکو کامەران عومەر چۆن دەتوانیت ئەمڕۆ کوێگری گۆرانی نوێ بە لای خۆتدا ڕابکێشی**

-وەکو ئاماژەم بۆکردووە من لەماوەی دە ســاڵدا تەنها یەك گۆرانی پێشــکەش جەماوەرەکەم بکەم دەتوانــم هەوادارانی دەنگی کامەران عومەر ڕازی بکەم ئێمە لە سەرەتاوە بناغەیەکی باشمان بۆ هونەری خۆمان دارِشــتووە، بۆیە هەموو کاتێك دەتوانین گوێگری گۆرانی کوردی بەلای خۆماندا ڕابکێشین.



● جگە لە دانانی ئاواز و نووسینی تێکستی گۆرانی، مەروان خوری هونەرمەندی لوبنانی رووی لە گۆرانی گوتنیش کردووە، ئەو توانا هونەرییەی مەروان خوری هەیەتی ئەگەر لە هونەرمەندانی دیکەی ئەو سەردەمەش هەبێت ئەوا دەگمەنە، خۆی بە سروشت مرۆڤێکی هەستیارە و وەك خۆی دەڵێ هەر کارێکی هونەری بۆ هەر کەسێك ئەنجامدابێت و بەشداری تێدا کردبێت بەشێوەیەکی وا کردوویەتی وەك بڵێی خۆی پێشکەشی دەکات و بۆ خۆیەتی، بۆیە ئەوەی لە توانایدا هەبووە تێیدا بەکاریهێناوە، هەر کارێکی هونەریش ئەگەر ناوی ئەوی بەسەرەوە بێت ئەوا بە لای هونەرمەندانەوە پێشتر سەرکەوتنی مسۆگەرە، بۆیە زۆربەی زۆری هونەرمەندان بەشێوەیەك لە شێوەکان هەوڵ بدەن بتوانن کاری لەگەڵ، چونکە دەزانن ئەو جیاوازییەکی زۆری هەیە، هەمیشە بەدوای وشە و ئاوازی نوێ و جیاوازدا دەگەڕێت کارێك پێشکەش ناکات تەنیا بۆ ئەوەی پێشکەشی بکات بەڵکو دوای ئەوەی دڵنیا دەبێت لەوەی کە جەماوەر پێشوازیی لێدەکات، ئینجا رازی دەبێت بەوەی ناوی بەسەرییەوە بێت و گۆرانییەکانی گشتگیرن بۆیە لە لایەن هەموو چین وتوێژەکانی کۆمەڵگاوە پەسەندن.

دوای ئەوەی لە رێگای بەرپرسی راگەیاندنی کارەکانییەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد بەم شێوەیە بە سوپاسەوە وەلامی پرسیارەکانی داینەوە.●


دیمانە/ خەلیل بلەیی

Xalil2001@yahoo.com


## مەروان خوری بۆ گوڵان:

# پێویستە ئاوازدانەرانی کورد ئاوازەکانیان پێشکەش بە گۆرانیبێژە عەرەبەکان بکەن

*** چۆن بوو رووت لە بواری هونەر کرد؟**

- سـەرەتا وەك ژەنیارێکـی ئـۆرگ و سەرۆکی تیپێکی مۆسیقی دەستم پێکرد، هەر ئـەو کاتیش من لـە ناخی خۆمدا هەسـت بە توانا و بەهرەکانی خۆم بکەم لەبواری ئـاواز دانان و دڵنیـا بووم لەو بوارەدا سـەرکەوتوو دەبم، بۆیە دەستم کرد بـە دانانی ئاواز دواتـر رووم لە گۆرانی گوتن کرد.

*** چۆن وەسفی کەسایەتی خۆت دەکەی لە روانگەی مەروان وەك مرۆڤێکی ئاسایی نەك وەك ئەو هونەرمەندەی ئێستا؟**

-مەروانی مـروۆڤ جیاوازییەکی زۆری نییـە لە مەروان خـوری وەك مرۆڤێکی ئاسایی، چونکە هیچ ئیزدواجییەتێك نییە لە کەسایەتی مندا، من ئەوەم کە جەماوەر دەمبینێ، مرۆڤێکی هێمن و لەسـەرەخۆ، راسـتگۆ لەگەڵ خـۆم دەورووبەر، حەز لـە قەرەباڵغی زۆر ناکەم لـە بەرامبەردا عاشـقی سروشت و رۆمانسـییەتم، من مرۆڤێکـم دەژیم بۆ ئـەوەی لە هونەر و گۆرانی نزیکبم جا بەهەر شـێوەیەك بێت نەك گۆرانی بڵێم یان ئاواز دابنێم ئەگەر یەکیان لـە ئەوی تریان بۆ من نزیکتریش بێت.

*** خـۆت زیاتر لـە گۆرانـی گوتندا سەرکەوتوو دەبینی، یان لە ئاواز دانان یان لە شیعر نووسیندا؟**

- خۆم بۆ سـێ کەسی جیا دابەش ناکەم، بەڵکو من خۆم لە هەرسێکیاندا دەبینمەوە بـە یەکەوە گۆرانی گوتن و ئاواز دانان و شیعر نووسین، ئەگەرچی دەبێ راستگۆ بم و دان بەوە بنێم کە شیعر نووسین و ئاواز دانان لە ناخی مـن نزیکترە لە گۆرانی گوتن، بەڵام ناخی خۆم هەر یەکە.

*** کارت بۆ زۆر هونەرمەندی کچ و کوڕ کـردووە، لەگەڵ کامیان زیاتر ئاسـوودە بووی؟**

-لەگـەڵ هەموویان مورتاح و ئاسـوودە بووم و مـن رێگا بەخۆم نادەم کە لەگەڵ هونەرمەندێکدا کار بکەم کە بزانم مورتاح نیم لەگەڵـی یان سـەرکەوتوو، چونکە گۆرانیبێـژ و ئاواز دانەر و شـاعیر بە هەموویـان یەکتـری تەواو دەکـەن واتە تەواوکەری یەکترین و ئامانجی هەرسێکیان بە یەکـەوە ئەوەیە کە ئـەو گۆرانییەی پێشکەشـی دەکەن و بە باشی بگاتە بەر دەستی جەماوەر و لێی رازی بێت.

***هۆکاری سەرکەوتنی تۆ لەگەڵ ئەلیسا وکارۆل سەماحە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- کارۆل سەماحە و ئەلیسا دوو هونەرمەندی زۆر حەساسـن و بە تەواوی هەست بەو بەرپرسـیارییەتییە هونەرییە دەکەن کە لە ئەسـتۆیاندایە بەرای من گۆرانی گوتن بـە راسـتگۆیی و بە هەسـتی پاکەوە بناغەی سـەرکەوتنی هەر گۆرانییەکن، بۆیە توانییان زۆر بە سەرکەوتوویی و بە ئەمانەت و راستگۆییەوە وشە و ئاوازەکانم بگەیەنینە جەماوەر.

*** ئایـا هیـچ ناکۆکییەك هەبـووە لەنێـوان تـۆ و کارۆل سـەماحە لـە فیستیڤاڵەکان؟**

- نەخێـر پەیوەنـدی نێـوان مـن کارۆل و هەمـوو هونەرمەندان زۆر باشـە و من خۆم ناکۆکـی و گرفتـم لەگەڵ کەسـیان نییە، بـەڵام ئەم جۆرە قسـانە هـەر دەکـرێ بەتایبەتی دوای ئـەوەی گۆرانـی ( یارب) کە من و کارۆل پێشکەشمان کرد سەرکەوتنێکی بێ وێنەی بەدەستهێنا.

*** دوای کارۆل سـەماحە و ئەلیسـا و چەندانی تر ئەمجارەیان بە نیازی لەگەڵ کێ کار بکەی؟**

- ئێسـتا مـن و خانمـە هونەرمەندی گـەورە (وەردە ئەلجەزائیریـە) خەریکی ئامـادە کردنی گۆرانییەکـی نوێین بە ناوی (امل) کە لە ئەلبوومی داهاتوویدا پێشکەشی دەکات، گۆرانییەکە لە ئاواز و هۆنراوەی منە.



پەیامی هونەر هەر یەک پەیامە جا لە بواری گۆرانی یان سینەما و تەلەفزیۆن یان هەر بوارێکی دیکە بێت







کارۆل سەماحەو ئەلیسا دوو هونەرمەندی زۆر حەساسن و بە تەواوی هەست بەو بەرپرسیارییەتییە هونەرییە دەکەن کە لە ئەستۆیاندایە

*** نهێنی سەرکەوتنی ئێوەی لوبنانی لەبواری هونەری و راگەیاندن لەسەر ئاستی نیشتیمانی عەرەبی چییە؟**

- لوبنانییەکان بەوە ناسراون کە داهێنەرن و حەزەوە دەکەن کارەی ئەنجامی بدەن مافی خۆی پێ بدەن، لە هەمان کاتدا زۆر بە راستگۆیی و بە دڵسۆزییەوە کارەکانیان ئەنجام دەدەن، پێموایە ئەمە هۆکاری سەرکەوتنیانە لە زۆربەی بوارەکانی ژیان و زۆر سوپاسی تۆش دەکەم بۆ ئەو پیاهەڵدانە.

*** سەرکەوتنی هونەرمەند بەچی پێوانە دەکرێت؟**

- سەرکەوتنی هونەرمەند بەوە بەراورد دەکرێت کە گۆرانییەکانی تا چەند چوونەت دڵی خەڵکەوە، لە گشت رۆژگارێك بە خۆشی و ناخۆشییەوە لەگەڵیان بێت، چونکە گۆرانی گوتن وەڵامێکی راستەوخۆی پرسیارێکی هەمیشەیی ژیانە کە بەردەوام دووبارە دەکرێتەوە، وەڵامی هێنانەدی خۆشی و ئارامییە بۆ دڵ و دەروونی مرۆڤەکان، هەر کاتێك هونەرمەند توانیی ئەمە لە گۆرانییەکانی بەرجەستە بکات ئەوا ئەو کات دەتوانین بڵێین ئەو هونەرمەندە سەرکەوتووە.

*** بەڕای تۆ کلیپ بەڵگەی سەرکەوتنی هونەرمەندە؟**

- نەخێر هەرگیز وانییە خۆ سەردەمێك کلیپ هەر نەبوو یان وەك ئێستا پێشکەوتوو نەبوو، بەڵام هونەرمەندی سەرکەوتوو و بە توانا هەبوون کە ئێستاش جەماوە هەمیشە حەز دەکات گوێ لە بەرهەمەکانیان بگرێت، راستە ڤیدیۆ کلیپ هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ بڵاوبوونەوەی هونەرمەند، بەڵام ئەگەر هونەرمەند خاوەن بەهرە و توانای هونەری نەبێت، لە هەمان کاتدا راستگۆ نەبێت بەرامبەر ئەو کارەی پێشکەشی دەکات ئەوا بە هیچ شێوەیەك ناگاتە دڵی جەماوەر ئەگەر تەنانەت رۆژانە کلیپێکیش پێشکەش بکات و لە گشت کەناڵەکانیش نمایش بکرێن، کاری جوان خۆی دەگاتە جەماوەر و بوونی خۆی دەسەپێنێ بێ ئەوەی رێکلامێکی زۆر یان کلیپی بۆ بکرێت، سەبارەت بە خۆمەوە ئەوەی بە لای منەوە گرنگ ئاواز و شیعر و دابەشکردنی گۆرانییەکەیە نەك هەڵمەتێکی گەورەی پروپاگەندە، لە کۆتاییدا کاری باش تەمەنی درێژ دەبێت بە پێچەوانەشەوە ئەو کە بە خێرایی بڵاودەبێتەوە تەمەنی کورتە.

*** ئەی چۆن دەڕوانییە دیاردەی نمایش کردنی هەموو جۆرە ڤیدیۆ کلیپێك لە هەندێك کەناڵی تەلەفزیۆن؟**

- پێویستە لێرەدا باس لە دیاردەیەکی دیکە بکەین کە ئێستا هەیە ئەویش بڵاوبوونەوەی هونەر ئاست نزم کە ئەوانەی پێشکەشی دەکەن تەنیا پشت بە وێنە دەبەستن بۆ ئەوەی ناوبانگ دەربکەن و سەرنجی جەماوەر بۆ خۆیان رابکێشن، ئەمەش وای کردووە کە ئاستی گۆرانی عەرەبی بە گشتی دابەزێت، بەڵام من دڵنیام کە ئەم شەپۆڵە تا سەر نامێنێ و سەرناکەوێت لە بەرامبەر هونەری رەسەن، ئەویش بە پێشکەشکردنی وشەی پاکوخاوێن و ئاواز و مۆسیقای رەسەن کە بە زمانێکی جیهانی دادەنرێت.

بێگومان هەندێك لە کەناڵە تەلەفزیۆنییە کە ئەمرۆ بە سەدانیان بڵاوبوونەتەوە رۆڵێکی سلبییان هەیە لەم بوارەوە بەتایبەتی لە بڵاوکردنەوەی هەموو جۆرە کلیپێك بگرە هەندێك تەنیا ئەو کلیپانە نمایش دەکەن کە پشت بە رەن و وێنە دەبەستن نەك بە گۆرانی و توانای هونەرمەندان.

*** بیرت لە سینەما نەکردۆتەوە؟**

- نەخێر تا ئێستا بەهیچ شێوەیەك خەیاڵیشم بۆ ئەو بوارە نەرۆیشتوە، هەروەها کەسیش داوایەکی لەو شێوەیەی پێشکەش نەکردووم، بەڵام ئەگەر ئەو دەرفەتیشم بۆ رەخسا یان رووم لەو بوارەش کرد ئەوا بۆ ئەوە نییە کە ناوبانگ دەرکەم و ببم بە ئەستێرەیەکی سینەمایی، بەڵکو تەنیا بۆ ئەوەیە کە پەیامی پیرۆزی هونەری خۆم بگەیەنم و زیاتر پەرەی پێبدەم، چونکە پەیامی هونەر هەر یەك پەیامە جا لە بواری گۆرانی یان سینەما و تەلەفزیۆن یان هەر بوارێکی دیکە بێت.

*** کەی هونەرمەند دڵنیا دەبێت لە خۆشەویستی جەماوەر بۆی؟**

- کاتێك لە دڵەوە ئەوەی هەیەتی و لە توانایدایە بیدات بە جەماوەرەکەی، لە بەرامبەریشدا جەماوەر خۆشەویستی خۆی بەو هونەرمەندە دەدات بۆ ئەو ئەرك و ماندووبوونەی و زیاتر هانی بدەن.

*** پێت وایە تۆ گەیشتە ئاستی هونەرمەندانی گەورەی لوبنان وەك ملحم بەرەکات و ماجیدە رۆمی و ئەوانی تر؟**



- من خۆم بەو شێوەیە هەڵناسەنگێنم و بەراوردی خۆم لەگەڵ کەس ناکەم، تەنیا جەماوەر دەتوانێت بڕیاری ئەوە بدات من گەشتوومەتە چ ئاست و پلەیەکی هونەری.

*** ئایا وەك مەروان خوری هیچ تایبەتمەندییەکت هەیە؟**

- نەخێر من تایبەتییەکی وام نییە خۆم وا هەست بکەم کە تایبەتمەندییەکم هەبێت و هونەرمەندانی دیکە نەیانبێت، بەڵام وەك کەسایەتی خۆم زیاتر لە بواری ئاواز دانانەوە نزیکم، ئەمەش تایبەتمەندییەکە پەیوەندی بە کەسایەتی هونەری منەوە هەیە، چونکە بە ئاواز دانان دەستم بە کاری هونەری کردووە

*** پەیوەندیت لەگەڵ ئەوکۆمپانیا هونەرییانە چۆنە کە کاریان لەگەڵ دەکەی؟**

- من ئێستا گشت کارەکانم لەگەڵ رۆتانایە و پەیوەندی نێوانمان زۆر باشە لەسەر ئەساسی خۆشەویستی و رێز گرتن لە یەکتری، ئێستاش بیر لە هیچ کۆمپانیایەکی دیکە ناکەمەوە تا گرێبەستەکەم تەواو دەبێت، چونکە من رێز لە هەموو قسەیەك دەگرم کە بەر لە ئیمزا کردنی گرێبەستەکە کردوومە.

*** ئایا کۆمپانیاکان مافی هونەرمەند وەك پێویست دەدەن؟**

- گرنگ ئەوەیە هونەرمەند قەناعەتی بەو کۆمپانیایە هەبێ کە کاری لەگەڵدا دەکات، ئەمە گرنگترین شتە کە پێویستە لە نێوانیاندا هەبێت بۆ ئەوەی کارەکە سەرکەوتوو بێت و سوودی بۆ هەردوو لا هەبێت.

*** زۆر لە هونەرمەندەکان گۆرانییان بۆ منداڵان و لەگەڵیان گوتووە، پێت وایە ئەمە هۆیەکەی ئەوە بێت کە بۆشاییەك لەو بوارەی هونەری تایبەت بە منداڵان هەبێت بۆیە روو لەم بوارە دەکەن؟**

- بێگومان پێویستە منداڵ بەشێکی زۆر لە کارەکانی هونەرمەند داگیر بکات، بەڵام بە مەرجێك ئەم کارانە هەڵگری پەیام و بنەماکانی ئەخلاق بن کە پێویستە منداڵ لەسەریان پەروەردە بکرێت نەك کارێك بێت کە لەرووی سایکۆلۆجییە کاریگەری سلبی هەبێت لەسەر ژیان و دوارۆژی ئەم منداڵە.

*** چۆن بەراوردی نێوان هونەر و سیاسەت دەکەیت؟**

- کاری سیاسی و کاری هونەری دوو رووی یەك دراون، چونکە سیاسەت بریتییە لە هونەری گفتوگۆ کردن و دیالۆگ و هونەریش بریتییە لە سیاسەتی گفتوگۆ کردن.

*** ئایا هیچ پەیوەندییەکیان لە نێواندا هەیە؟**

- نەخێر هیچ پەیوەندییەکیان لە نێواندا نییە، چونکە هونەر راستگۆیی و هەستی ناسك و جوانت پێشکەش دەکات، کەچی سیاسەت دەکەوێتە ژێر کاریگەری بەرژەوەندی تایبەتەوە و تەنیا بەرژەوەندییە تەحەکوم بە سیاسەت دەکات.

***چ گۆرانییەك هەیە کە یەکێکی تر گوتوویەتی هیوات دەخواست تۆ دووبارە بیڵێیتەوە؟**

-شتی لەم شێوە تا ئێستا روو نەداوە بەتایبەتی سەبارەت بەو گۆرانیانەی کە من پێشکەشی هونەرمەندانی دیکەم کردووە، چونکە هەموویان بەشێوەیەکی زۆر جوان و سەرکەوتوو پێشکەشیان کردووە ئەگەر منیش بووام رەنگە وەکو ئەوان پێشکەشم نەکردبایە، بەڵام من خۆم زۆر جار لە ئاهەنگەکان ئەو گۆرانیانە دەڵێمەوە کە پێشکەشی هونەرمەندانی دیکەم کردووە، چونکە جۆرە تامێکی تایبەتییان هەیە بۆ من.

*** چی وای لێکردی یەکێك لە گۆرانییەکانی خۆت پێشکەش بە شەزا حەسون بکەیت؟**

- شەزا خاوەن دەنگێکی خۆش و ناسکە، مرۆڤێکی بۆیە هەوڵمدا لە کارێکی زۆر باشدا سوود لە دەنگ و بەهرەکەی وەربگرم، سوپاس بۆ خوا گۆرانییەکەی بە باشترین شێوە پێشکەش کرد.

***چ مەرجێکی تایبەتیت هەیە بۆ کار کردن لەگەڵ هونەرمەندان؟**

- تەنیا مەرجی من ئەوەیە کە ئەو کارەی پێشکەشی دەکەم مافی خۆی بداتێ و بە باشترین شێوە نیشانی جەماوەری بدات بە جۆرێك جەماوەریش لێ رازی بێت، چونکە من کە کارێك پێشکەش بە یەکێك دەکەم هەرچی هێز و توانای خۆم هەیە دەخەمە ناو کارەکە، بەڵام گرەنتی سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی ناکەم.

*** ئایا هیچ زانیارییەکت دەربارەی هونەری کوردی هەیە؟**

- تەنیا ئەوە دەزانم کە مۆسیقاکەتان زۆر زۆر خۆشە.

***بەڕای تۆ هیچ جۆرە لێك نزیکبوونێك هەیە لە نێوان هونەری کوردی و لوبنانی؟**

- هونەری جوان خۆی نزیکی هەموو هونەران دەکاتەوە.

*** زۆر لە هونەرمەندانی سوری و لوبنانی لە ئاوازی کوردی گۆرانییان گوتووە، ئایا ئێمە چۆن دەتوانین سوودی لە یەکتری وەربگرین؟**

- پەیوەندی بەردەوام زۆر گرنگە لەنێوان هەموو گەلاندا بەتایبەتی پەیوەندی بەردەوامی هونەری، چونکە هونەر ئاوێنەی راستەقینەیە کە هونەرمەند بتوانێت لە رێگایەوە رەسەنایەتی میللەتەکەی خۆی دەربڕێت و نیشانی جیهانی بدات.

*** ئەو رێگایانە چین کە هونەرمەندی کورد بتوانێت لەسەر ئاستی عەرەبیدا بڵاوبێتەوە؟**

- بۆ ئەمە پێویستە ئاواز دانەرانی کورد ئاوازەکانیان پێشکەش بە گۆرانیبێژە عەرەبەکان بکەن.

*** ئاواتەکانت چین؟**

- هیوادارم بتوانم بەردەوام بم لە پێشکەش کردنی کاری نوێتر و زیاتر لە بواری گۆرانی و پرۆژەی هونەری جیاجیا بۆ ئەوەی پەیامی هونەری خۆم کە بەلای منەوە پەیامێکی پیرۆزە بە باشی بگەیەنم.

**هونەر راستگۆیی و هەستی ناسك و جوانت پێشکەش دەکات، کەچی سیاسەت دەکەوێتە ژێر کاریگەری بەرژەوەندی تایبەتەوە**